**بەناوی خوای بەخشندە و میهربان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق**

پشت بە حوکمی بڕگە (1)ی مادده (56) لە یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراوو لەسەر داوای ژمارەی یاسایی پەرلەمانتاران، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق لە دانیشتنی ژمارە (32)ی رۆژی 2008/6/29دا بڕیاری دەرچوواندنی ئەم یاسایەی دا:

**یاسای ژمارە (12) ی ساڵی 2008**

**یاسای هەموارکردنی دووەمی یاسای خانەنشینی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق ژمارە(13)ی 1999ی هەموارکراو**

**ماددەی یەکەم:ـ**

لە ماددەی دووەم بڕگە(ا) لە یاساکە هەمواردەکرێ و بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە:ـ

**یەکەم:ـ**

سەرۆکی ئەنجومەن و جێگرەکەی و سکرتێرو ئەندام لەکاتی تەواوبوونی ئەندامیەتی یان نەتوانینی جێبەجێ کردنی کارەکەی یان نەمانی ئەندامیەتیەکەی(80٪)ی سەرجەم مووچەو دەرماڵەی مانگانەی هاوەڵەکانی کە بەردەوامن لە ئەنجومەن وەردەگرێت هەروەها دوای کۆچی دواییشی پاشەواری شایستە هەمان رێژە وەردەگرن.

**دووەم:ـ**

ئەو ئەندامەی ئەنجومەن کەواز دێنێ ئەو مووچەیەی خانەنشینی وەردەگرێ کە لە بڕگە(یەکەم)ی سەرەوەدا هاتووە ، ئەگەر چوار دەورەی بەستنی ئەنجومەن بە سەر ئەندامیەکەیدا رەت بووبێ و 60٪ ی کۆی مووچەو دەرماڵەی مانگانەی ئەوهەوالانەی وەردەگرێ کە لە ئەنجومەندا بەردەوامن. ئەگەر بەسەر ئەندامییەکەیدا کەمتر لەو ماوەیە رەت بووبێ. هەروەها لە کاتی مردنیشیدا پاشەوارەکانی(خلف) هەمان رێژە وەردەگرن.

**ماددەی دووەم:ـ**

ماددەی سێیەم لە یاساکە هەموار دەکرێ و بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە:ـ

**یەکەم:** ناشێ کۆکردنەوە لە نێوان مووچەی خانەنشینی کە لەم یاسایەدا هاتووە لەگەڵ مووچەیەکی تر کە لە خەزێنەوە خەرج, بکرێ.

**دووەم:** هاوسەری ئەندامی کۆچ کردوو کە مووچەیەکی تر وەردەگرێ مافی هەڵبژاردنی هەیە لەنێوان ئەو مووچەیەی بە پێی ئەم یاسایە وەری دەگرێ و ئەوەی دەیکەوی لە مووچەی فرمانەکەی خۆی یاخود خانشینیەکەی خۆی وکامیان باشتر بێ بۆی.

**ماددەی سێیەم:ـ**

حوكمی بڕگە(یەكەم)لە ماددەی یەكەم و ماددەی دووەم لەم یاسایەدا خانەنشینەكان لە ئەندامانی ئەنجومەن دەگرێتەوە وموچەیان لە مێژووی جێبەجێ كردنیەوە هەمواردەكرێ.

**ماددەی چوارەم:ـ**

كار بەهیچ دەقێكی یاسایی یا بڕیارێك ناكرێت گەر ناكۆك بێ لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایە.

**ماددەی پێنجەم:ـ**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بلاْوكردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی(وەقائیعی كوردستان)دا جێبەجێ دەكرێ.

**عەدنان موفتی**
**سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**كوردستان ـ عیراق**

---

تێبینی : ئەم یاسایە بەبڕیاری ژمارە 19 ی سالی 2008 لەلایەن سەرۆكی هەرێمی كوردستانەوە دەرچوێنرا